# دڵۆپەی بسک

دڵشاد تاقانە

لەسەر سەکۆی هەیوانێ دا گرێ کەزی دەهۆندەوە
منی شەیدا جوانی ئەوم بەوشە شیعر دەخوێندەوە
هەر داوێکی بسکی تەڕی بەڵگەوانی سرووشم بوو
سەدان خۆزگەی حەزەکانم بەو تاڵانە شۆڕکردەوە

دارژانەکەی ئەستێرەیی لەشەو پرچی دەتکێتەوە
دڵۆپێکی حەزخنکێنە بەسەر سینەی دەخولێتەوە
لاسێبەری دەرزی مەمەی وێنەوشەی چلۆن بکێشم
هێندە ئاوێزانی جۆشە بۆ قومێک سوێم دەبێتەوە

شەرمەڕوانیم تاوانبارە چیم دەوێ نانوسرێتەوە
خەیاڵ شیعرم پەرتەوازە سەروبەندی ناگرێتەوە
لەکام خاڵی دەست پێ بکەم لاملی یا چەناگەی
لەتاوانیش وازدەهێنم حاری عەشقی بمگرێتەوە

دەروێشێکی باوەڕمەندبووم ئێستا هەڵدەگەڕێمەوە
منی تینوی کانی مەمان هەنگی وێڵم دەخولێمەوە
گوتی : نەکەی شێتە دڵۆپەی بسک بەسەر مەمەم
گەر بخنکێ ی لەسوێیانی هەر ناهێڵم بیخۆیتەوە

